## کوشتاری ناوچەی چۆمی مەجیدخان

لە مێژووی کورد دا کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی شار و گوندەکان کەم نین و سەدان جار کوردی ناوچە و بەشە جیاجیاکانی کوردستان بە دەستی رژیم و دراوسێ نامیهرەبانەکانیان تووشی کوشتن و برین و تاڵان و دەرکردن هاتوون. کوشتاری دوای هەرەسی راپەڕینی شێخ عوبەیدیللا و شێخ قادر(١٨٨٠) لە خەڵکی کوردی ناوچەکانی میاندواو و ورمێ و مەنگوڕایەتی یەک لەو برگە مێژووییانەیە کە کاری کەمی لەسەر کراوە و زانیارییەکی کەمی لەسەر هەیە.

کوشت و بڕی دوای هەرەسی کۆماری کوردستان (١٩٤٦) و هەروەها دوای شکستی حکوومەتی موسەددیق لە ئێران (١٩٥٣)، دوو وێستگەی دیکەی ئەو قەتارە رەشەن، کە زانیاری زیاترمان لەسەری هەیە. بەڵام لە ماوەی حوکمی رەشی کۆماری ئیسلامیدا، کە دژایەتی سیاسی تێکەڵاو بە دوژمنایەتی ئایینی بوە و پاسدار و بەسیجی لە ناو گەلانی دیکەی دراوسێ کوردەوە بە پشتیوانی تانگ و تۆپی کۆماری ئیسلامی وەربوونەتە گیان وماڵی کورد، وێنەیەکی ترسناکی سەدەکانی ناوەڕاست لە کوشتاری بێ بەزەییانەی خەڵکی بێ تاوانی شار و گوندەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیان کێشاوە و ئەوەش سەرەڕای ئەو دەورە راستەوخۆیەی وا کۆماری ئیسلامی لە کوشتاری هەڵەبجە و بۆمبارانی کیمیایی هەڵەبجە و سەردەشت و شوێنەکانی دیکەی کوردستان بینیوەتی بەڵام خۆی لە ژێر سێبەری رژیمی جینایەتکاری سەددام حوسیندا شاردۆتەوە بە شێوەیەک کە کەمتر کەس هەیە ئەو شەریکە جینایەتە، تاوانبار بکات.

ئەوەی بۆکان و ناوچەکەی دەوروبەریشی بگرێتەوە، کەم نین و بۆکانیش داغی کەمی لە دڵ نەبوە. هەر لەو ساڵانەدا کە کوشتاری قارنا و قەڵاتان و جڵدیان و سۆفیان دەکرا، خەڵکی چوار گوندی ناوچەی چۆمی مەجیدخانیش تووشی کوشتارێکی بێ بەزەییانە هاتن. گوندەکانی کەلبی رەزاخان ، قەرەگول و سەوزی و سەرچنار لە سەرەتای زستانی ساڵی ١٣٦٣ [١٩٨٥]، کە تێیدا گوندی قەرەگۆل بە تەنیایی ١٨ کەسی تووشی کوشتاری بێ بەزەییانەی زگ هەڵدڕان و سەربڕان و دست و پێ بڕان هاتن و لەبەر هێرشی دوژمن هێچ پیاوێک لە گوندەکەدا نەمابوون جەنازەکان تەسلیمی خاک بکەن ئەم کارە ئەستەمە، لەو سەرما و سۆڵە کەم وێنەیەدا خوشک و دایک و ژنی شەهیدەکان بەڕێوەیان برد.

نووسینی مێژووی بۆکان بە بێ ئاوڕدانەوە لەو کوشتارانە و دیاری کردنی هۆکار و هەروەها دەست نیشان کردنی بەڕێوەبەرەکانیان، ناتەواو و نەگونجاو دەبێت. ئەم کارە دەبێ هەرچی

زۆۆتر بەڕێوە بچێت بۆ ئەوەی سوود لە بیرەوەریی ئەوکەسانە وەربگێرێت کە ڕاستەوخۆ ئاگاداری ڕووداوەکان بوون و لایەن و کەسانی بەشدار لە کوشتارەکە، دەناسن.